# ئەوانەی کە هێز و توانای خۆیان بۆ چەواشە کردنی راستیەکانی بزوتنەوەی کوردستان بە کار دێنن، کێن؟

نوسینی: لوقمان گەلەداری

گۆڤاری شۆرشی ژمارە 50، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی "سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" سەر وتارەکەی خۆی تەرخان کردووە بۆ بابەتێك لە ژێر ناوی "سەرهەڵدان و ئاخێزی کوردستان، تاکتیکی جیاواز و ئەرکەکانی ئێمە" لە نوسینی ئاغای عومەری ئیلخانی زادە، ئەندامی سەرکردایەتی سازمانی زەحمەتکێشان.

پێش ئەوەی بچینە سەر بابەتەکە و هۆکاری سەرەکی ئەم نوسینە بخەینە بەر باس، با ئیشارەیەکی کورتمان بە مێژوی رێکخراوی زەحمەتکێشان و هۆی پێك هاتنیان کردبێت.

هەروەك دەزانن رێکخراوی زەحمەتکێشان لە سالی 1379ی هەتاوی لە کۆمەلە ئیشعابی کرد و لە سەر ئەساسی هەل و مەرجێك کە لە ئاستی دونیا و، تایبەتی تر لە ئێران دا لە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەم دەورەی سەرمایە دا هاتە کایەوە و شکڵی گرتووە و،بەرقەرار بونی دەسەلأتی سەرمایەداری لە ئیرانیکی فیدراتیو دا وکوردستانێکی فیدراڵیان بە ئامانجی سەرەکی بۆ خۆیان داناوە.

مەسئەلەی میللی لە کوردستان کە گۆیا هەموو چالاکیە کانی ئەوان لەو پێناوە دا لە خۆ دەگرێت تەنیارێگایەکە، خۆیان و سەرمایە داری کورد لەدەسەلأت نزیك دەکاتەوە و ستەمی نەتەوایەتی بە سەر خەڵکی کوردستانەوە دەهێڵێتەوە، کە ئەمە جێگایّ لە باسەکەی ئیمە دا نیە.

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە کەڵك وەر گرتنی نارەوای ئەوان لە ناوی کۆمەلەیە بۆ سیاسەت و ئامانجێك، کە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە وسیاسەتو ئامانجەوەنیە کە کۆمەلە بەوەوە ناسراوە ئەمەش تەنیا لەدژایەتی کردن لەگەلّ کۆمەلە دا و هەوڵێکە بۆ بەهێز کردنی بەرەی راست و دواکەوتوی کومەلگای کوردستان.

هەروەك ئاگادارن هاوینی ئەمسال شارەکانی کوردستان بۆ جارێکی تر ببون بە مەیدانی روبەروو بونەوەی راستەو خۆی خەڵکی کوردستان لەگەل هێزە سەرکوت گەرەکانی رژیمی ئیسلامی.

کۆمەڵە لە سەر ئەساسی ئەو پەیوەندیە قوڵ وبەرینە و بەرپرسیارەتیەی کەلە ئاست خەڵکی کرێکار و دەست کورتی ئەم کۆمەڵگایە و بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان دا هەیەتی و بە دروست لێك دانەوەی هەمو لایەنەکانی ئەم بزوتنەوەیە بە گشتی، لە هاوینی ئەم سال و ئاخێزە جەماوەریەکەی کوردستان، بانگەوازی مانگرتنێکی گشتی لە کوردستان دا دەرکرد و هەموو هێزی جەماوەری خۆی لە ناوّ کوردستان بۆ ئەم خۆپیشاندانە گەورە و مێژوویە کە لە بزووتنەوەی رزگاری خۆازانەی خەڵکی کوردستان دا کەم وێنە بوو خستە گەر.

ئەو بانگەوازە هەروەك چاوەروان دەکرا جوابی خۆی وەرگرت و جارێکی تر بە رژیم و نەیارانی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستانی سەلماند، کە جمهووری ئیسلامی و هەموو ئەوانەی کە خەون بە لە بار بردنی ئەم بزوتنەوەیە دەبینن و یا هەوڵ ئەدەن تا ئەم بزەتنەوەیە بکەن بە دەستمایەیەك بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی رێکخراوەیی و کەسایەتیەکانی خۆیان، نە تەنیا هێزی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە یان نەناسیوە، بەڵکوو بە هەزاران فەرسەخ لەو واقەعیەتە کە خواست و ئاواتە رەواکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنەکانی خەباتی ئەوان پێك دێنێت، دوورن .

ئاخێزی جەماوەری لە هاوینی ئەم سال کە بە مانگرتنی 16ی گەلاوێـژ وە ،لە رۆژێك دا هەموو کوردستان یەك دەنگ نەفرەتی خۆیان لە رژیم دەربری، بە رژیم و هەموو دەست و پێوەندەکانی سەلماند،ئەوەی کە رۆژانە لە شارەکاندا روو ئەدات تایبەت بە هەرکام لەو شارانە نییە، بەڵکو ئەوە خواست و داواکاری هەموو خەڵکی کوردستانە لە سەر مافە رەواکانیان، کە رژیم رۆژانە بەدریژایی 27 سال تەمەنی رەشی پێ شێلی کردووە . بانگەواز بۆ ئەم مانگرتنە گشتیە هەروەك ئاماژەی پێکرا، تەنیا دێتوانی لە توانای رێکخراوەیەك دا بێت، کە لەگەڵ ناسینێکی واقیعبینانە و پەیوەندیەکی قول و بەربلاوە کە لە هەموو کوردستان دا و لە ناو جەماوەردا هەیەتی، ئەو پێگەیەی بۆ خۆی دیتبێتەوە ،تا ئەم بانگەوازە میژویە بەدروستی بینیتە ئاراوە . . و ئەمە لاپەرەیەکی زێرین لە خەباتی جەماوەی خەڵکی کوردستانە کە هەتا سەر لە مێژودا دەمێنێتەوە و بێ گومان لاپەرەیەکی تازەیشی بۆ خەباتی داهاتووی خەڵکی کوردستان هەڵداوە تەوە .

لە بەرانبەر ئەم خۆپیشاندانە گەورەوە کەخەلکی کوردستان بەرانبەر بە رژیمی ئیسلامی دەریان برِی ،ئاغای عومەری ویلخانی زادە وریکخراوە مەتبوعەکەی هەولیان دا تا لەسەر ریگای ئەم مانگەرتنە گشتیە دا قەرار بەگرەن،کە لەم پیوەندیە دا ئاماژە بە دو خالْ گەرەنگە.

یەکەم نەناسینی هیزی سەرەکی بزوتنەوەی شورشگیرانە خەلکی کوردستان و نەبوونی پێوەندیکی قولْ وبەرین لەگەلیدا و لە بەرچاو نەگرتنی ئەو حەقانیەتانەی کە لە ناو دەڵی ئەم بزوتنەوەدا لە ئارادایە.

خالْی دووهەم،دژایەتی ئەوانە لگەڵ کۆمەلە و هێنانە ئارای خۆیان بەو رادیە کە بزووتنەوەی کوردستانیان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و رێکخراوەکەیان دا تووشی چەواشەکاری و خاڵی کردنەوە لەبواری شورشگێرانە دا بکەن. ئەم جەماعەتە لە ئیتلاعیەی ژمارەی 14ی دەبیرخانەی "سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" سەبارەت بە بانگەوازەکەی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی 16ی گەلاویژ ئاوا دەلێن، (بنا به اخباری که در روزهای اخیر از جانب دوستان و هواداران "کومه له" به دستمان رسیده است، اطلاعیه ای با امضای کومه له در بعضی از سایت های اینترنتی منتشر شده است که طی آن از مردم کردستان خواسته شده است تا روز یکشنبه تاریخ 1384/5/16 برابر با 2005/8/7 به اعتصاب عمومی و تعطیل بازار دست بزنند، به دین وسیله به اطلاع عموم می رسانیم "کومه له_ سازمان انقلابی زحمتکشان

کردستان ایران" چنین فراخوانی نداده و اطلاعیه مذکور از جانب ما منتشر نشده است.

مردم مبارز و قهرمان کردستان در این مدت صحنه های با شکوهی از مقاومت و همبستگی مبارزتی خلق کرده و تحمل سختی و قربانی، صفوف خود را فشرده تر و همبستگی خود را تحکیم نموده اند. هواداران و اعضای کومه له تا کنون در صفوف مقدم این مبارزه حضور داشته و رهبری کومه له رهنمودهای خود ر از طریق اطلاعیه ها و مصاحبه های اعضای رهبری رسما از طریق رادیو و رسانه های طبلیغی خود به اطلاع مردم مبارز رسانده و در ادامه نیز همین کار را خواهد کرد."

**هەر لەم پەیوەندیە دا ئاغای عۆمەری ئیلخانی زادە لە وتوویێژێکی رادیۆیی وێرای دووپات کردنەوەی ئیتلاعیەی دەبیرخانەی رێکخراوەکەی، تەلویحەن مانگرتنی 16 ی گەلاٚویژ بە کارێکی باش نازانیت**

**.گویا ناوبراو باوەری بووە کە لە کوردستاندا خۆیٚ و ریکٚخراوە پێنج ساڵەکەیان دەتوانن بە ناوی کۆمەلەوە سەر کۆمەلەی کۆمۆنیست بکەنە ژێر ئاوەوە.**

**دیارە یەك رۆژ دوای ئەم قسانەی ئاغای عۆمەری ئیلخانی زادە بە پەلە کەوتنە خۆ بو کۆ کردنەوەی وتوویێژەکەی ناوبراو لەسەر سایتە کان و.,..؟**

**تۆ بلٚی ئاغای عۆمەری ئیلخانیزادە و رێکخراوەکەیان راوەستان بە دەستی بەتاڵ لە بەرانبەر چەك و ئاگردا، ئەویش لە هەر شارێکدا خەڵك بە جیاواز، باشتر بزانی لە مانگرتنێکی یەك دەنگ بە بیٚ جیاوازی لە هەموو شارەکانی کوردستان،بەبی ئەوەی قەترەیێك خوێن لە لوتی کەسیك هاتەبێت، کە نەتەنیا لەکوردستان لە ئیرانیش دا کەم وێنەیە.**

**لە ئاوا حاڵێك دا و بەم جۆرە هەڵوێستانەوە چ پێویست بە سەر وتاری شۆرشی ژەمارە پەنجاوە....، ئەو لاپەرە رەشە، کە بۆ خۆتان و رێکخراوەکەتان تۆمارتان کردوە هەر بیشارنەوە و باسی لیٚ نەکەن باشتر نیە؟ ئە گەر چی لە مێژوو دا ناسرێتەوە .**

**1384/8/18**